# تایبەتمەندیەكانی پێغەمبەر ﷺ لەناو پێغەمبەرەكانی تردا

[ كردي – كوردی – kurdish ]


حاجی ئومێد چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# خصائص النبي ﷺ بين سائر الأنبياء

« باللغة الكردية »


أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)

# لەناو پێغەمبەرەکانی تردا

الحمد لله وكفى والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وسلم.

خوای گەورە پێغەمبەری ئازیزمانی (صلى الله علیه وسلم) تایبەتمەند کردووە بەکۆمەڵە تایبەتمەندی ومەناقبێکی زۆرەوە، کە فەزڵی پێداوە بەسەر هەموو پێغەمبەرانی تر وتەواوی خەڵکانی ڕووی سەر زەوی، هەندێك لەو تایبەتمەندیانەیش بریتین لە :

١- گشتگیری پەیامەکەی کە بۆ هەموو جیهان نێرراوە بەجنۆکە وئادەمیزادەوە، بەشێوەیەك دروست نییە بۆیان شوێن هیچ پەیام و شەریعەتێکی تر بکەون غەیری پەیام وشەریعەتەکەی ئەو، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ..) [سبأ :٢٨] واتە : ئێمە بۆیە تۆمان نارد ئەی موحەممەد! (صلى الله علیه وسلم) کە بۆ تەواوی خەڵکانی جیهان، ببیتە موژدەدەرو ترسێنەر ، وە فەرموویەتی : ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ لِيَكُونَ لِلۡعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ) [سبأ :٢٨] واتە : بەرزو

پیرۆزو پاک و بڵنده ئەو زاتەی کە قورئانی دابەزاندووە تا ببێتە جیاکەرەوەی ڕاست و ناڕاست، بۆ سەر بەندەی خۆی (محمد صلى الله عليه وسلم) تا ببێتە هۆشیار کەرەوەو بێدارکەرەوەی دانیشتوانی جیهان لە هەموو سەردەمێکدا.

ابن عباس (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەڵێت : مەبەست لە (العالمين) جنۆکە وئادەمیزادە، وە ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « فضلتُ على الأنبياء بست : أعطيت جوامع الكلم، ونصرتُ بالرعب، وأحلتْ لي الغنائم، وجلعت لي الأرض طهوراً ومسجداً، وأرستُ إلى الخلق كافة، وختم بي النبيون» [ مسلم بەفەرموودەی ژمارە (٥٢٣)] واتە : فەزڵم دراوە بەسەر پێغەمبەرانی تردا بەشە شت : خوای گەورە ئەوەی پێداوم کە کۆمەڵێك ماناو وتای زۆر بە چەند ووشەیەکی کەم دەربڕم، وە ترسی منی خستوەتە دڵی دوژمنەکانم بەوەش خوای گەورە سەری خستتوم، وە غەنیمەم بۆ حەڵاڵ کراوە، وە هەموو زەویم بۆ کراوە بە پاکۆکەر ومزگەوت، وە نێرراوم بۆ هەموو خەڵکی، وە بەمن کۆتایی هێنرا بە پێغەمبەرایەتی .

ئیمامی موسلیم لەصەحیحەکەیدا، تەخریجی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « والذي نفس محمد

بيده لا يسمع بي أحد من هذه الأمة يهودي ولانصراني، ثم يموت ولم يؤمن بالذي أرسلت به إلا كان من أصحاب النار » [ مسلم بەفەرمووده ژمارەی (١٥٣)] واته : سوێند بەوەی گیانی موحەمەدی بەدەسته هەر کەسێك هەواڵی منی بیستبێت لەم ئوممەته جولەکه بێت یان گاور، وپاشن بمرێت و باوەڕ نەهێنێت بەوەی منی بۆ نێرراوە، ئەوە دەبێته هاوەڵی دۆزەخ .

٢- کۆتاهێنەره بە پێغەمبەرایەتی (خاتم الانبیاء) ـه هەروەك دەقەکانی قورئان وسوننەت بەڵگەن لەسەر ئەمە، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ... ﴾ [الأحزاب : ٤٠] واته : موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) باوکی هیچ پیاوێکتان نییە، بەڵکو ئەو پەیامبەری خوایەو دواهەمینی پەیامبەرانه .

بوخاری ومسلیم لەفەرموودەیەکی ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێراویانەتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « إن مثلي ومثل الأنبياء من قبلي كمثل رجل بنى بيتاً فأحسنه وأجمله، إلا موضع لبنة من زاوية، فجعل الناس يطوفون به ويعجبون له ويقولون : هلا وضعت هذه اللبنة ؟ قال : فأنا اللبنة وخاتم النبيين» [صحیح البخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٥٣٥) ومسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٨٦) وئەم لەفظه لەفظی بوخاریه] واته : نموونەی من و نمونەی پێغەمبەران وەك نمونەی ئەو پیاوە وایه کە

خانوویەیەکی دروست کردبێت زۆر بەجوانی ورێکوپێکی بەڵام تاقە خشتێکی کەم بێت، خەڵکیش بێن بەدەوری ئەم خانووە جوانەدا بسوڕێنەوە وسەریان لەجوانیەکی سوڕ بمێنیت و ئەڵێن : ئای ئەگەر ئەو تاقە خشتەیشیان دابنایە چەندە جوان دەبوو؟ ئەمجا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموی : من ئەو تاقە خشتەم و من کۆتا پێغەمبەرم .

لەبەر ئەم دەقانە وچەندان دەقی تریش ئوممەتی ئیسلام پێشوتر وئێستاش کۆدەنگن لەسەر ئەم بیروباوەڕە، هەروەها کۆدەنگیشن لەسەر ئەوەی هەرکەسێك بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات بێباوەر دەبێت و واجبە کوشتنی ئەگەر سوور بیت لەسەر وەها کارێك، ئالوسیش دەڵێت : " ئەوەی کە محمد (صلى الله عليه وسلم) کۆتا پێغەمبەر بێت قورئانی پیرۆز باسی کردووە و سونەتی پێغەمبەریش یەکلای کردوەتەوە، وئوممەتیش کۆدەنگە لەسەری، وەهەرکەسیش بەپێچەوانەی ئەمەوە بانگەشە بکات بێباوەڕ دەبێت و ئەگەر سووریش بێت لەسەر بانگەشەکەی ئەوە دەکوژرێت .

٣- خوای پەروەردگار بە گەورەترین موعجیزە پاڵپشتی کردووە و نیشانە زۆر مەزنەکەشی ئاشکرا کردووە کە قورئانی پیرۆزە، گوفتار و ووتەی خوای گەورە پارێزراوە لە هەموو دەستکاری و گۆڕینێك، وە هەر دەیشمێنێتەوە لەناو ئوممەتدا تا ئەو کاتەی کە بەمۆڵەت وئیزنی خوای گەورە بەرز دەکرێتەوە بۆلای خۆی،

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴾ [الإسراء :٨٨] واتە : ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) بڵێ سوێند بەخوا ئەگەر ئادەمی و جنۆکەش هەموو کۆببنەوە بۆ ئەوەی وێنەی ئەم قورئانە بێنن ناتوانن وێنەی ئەو بێنن هەرچەندە پشتیوانی یەکتریش بن .وە دیسان فەرموویەتی : ﴿ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾ [العنكبوت : ٥١] واتە : ئایا بەس نیە بۆیان کە بەڕاستی ئێمە قورئانمان دابەزاندووە بۆت و بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە، بێگومان ئا لەو قورئانە دا ڕەحمەت و یادا‌وەری ئاشکرا هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمان دەهێنن .

لەهەردوو صەحیحەکەشدا هاتووە لەفەرموودەیەکی ئەبوهورەیرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « ما من الأنبياء نبي إلا أعطي من الآيات ما مثله آمن عليه من البشر، وإنما كان الذي أوتيته وحياً أوحاه الله إليَّ، فأرجو أن أكون أكثرهم تابعاً يوم القيامة » [ صحيح البخاري بەفەرموودەی ژمارە (٤٩٨١) ومسليم بەفەرموودەی ژمارە (١٥٢)] واتە : هیچ پێغەمبەرێك نییە لەپێغەمبەران ئیلا خوای گەورە چەند نیشانە و موعجیزەیەکی پێداون کە نموونەی ئەوانە لەتوانا وقودرەتی ئادەمیزاددا نییە، بۆ ئەوەی بەچاوی

خۆیان بیان بینن و باوەڕیان پێ بکەن، موعجیزەی منیش خۆی لەو وەحیەدا دەبینێتەوە کە بۆم هاتووە (واتە موعجیزەی منیش قورئانە) منیش ئومێد ورەجام وایە لای خوای گەورە کە شوێنکەوتوانم لەشوێنکەوتوانی هەموویان زیاتر بێت .

٤- ئوممەتەکەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) باشترین وخەیرترین ئوممەت و زۆرترین خەڵکی بەهشتن، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ... ﴾ [آل عمران :١١٠] واتە : ئێوە چاکترین ئوممەت و کۆمەڵن، هێنراونەتە ئەم سەر زەوییە بۆ کەڵك گەیاندن بەمەردم و ڕێنمایی کردنیان، بۆیە فەرمان بەچاکە دەدەن و، ڕێ لەکاری خراپەو شیرك دەگرن و باوەڕیشتان بەخوا هەیە .

موعاویەی کوڕی حیدەی قوشەیری (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە کوێی لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بوو لەبارەی ئەم ئایەتەوە : ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ﴾ فەرموویەتی : «إنكم تتمون سبعين أمة أنتم خيرها وأكرمها عند الله » [ أخرجه أحمد في المسند(٤/٤٤٧) والترمذي وقال حديث حسن، والترمذي (٥/٢٢٦) بەفەرموودەی ژمارە (٣٠٠١) والحاكم وصححه، ووافقه الذهبي] واتە : بێگومان ئێوە حەفتاهەمین ئوممەتن وئێوە باشترین وبەڕێزترینیانن لای خوای گەورە .

لەصەحیحی بوخاری موسلیمدا ڕیوایەتکراوە لە عبد اللە ی کوڕی مەسعودەوە (خوای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (صلى اللە علیه وسلم) دا بووین فەرمووی : «أترضون أن تكونوا ربع أهل الجنة قلنا نعم قال أترضون أن تكونوا ثلث أهل الجنة قلنا نعم قال أترضون أن تكونوا شطر أهل الجنة قلنا نعم قال والذي نفس محمد بيده إني لأرجو أن تكونوا نصف أهل الجنة وذلك أن الجنة لا يدخلها إلا نفس مسلمة وما أنتم في أهل الشرك إلا كالشعرة البيضاء في جلد الثور الأسود أو كالشعرة السوداء في جلد الثور الأحمر » [صحیح البخاري بەفەرموودەی ژمارە (٦٥٢٨) و مسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٣٢١)] واتە : ئایا ڕازی دەبن کە چواریەکی ئەهلی بەهەشت بن، ووتمان : بەڵێ، فەرمووی : ئایا ڕازی دەبن کە سێ یەکی ئەهلی بەهەشت بن، ووتمان بەڵێ، فەرمووی : ئایا ڕازی دەبن نیوەی ئەهلی بەهەشت بن، ووتمان : بەڵێ، فەرمووی : سوێند بەو کەسەی گیانی محمدی بەدەستە من ئومێد دەکەم کە نیوەی ئەهلی بەهەشت بن، چونکە ئەوەی موسڵمان نەبێت ناچێتە بەهەشتەوە، وە ئێوەیش بەبەراورد کردن لەگەڵ هاوەڵ بڕیاردەراندا بۆ خوای گەورە وەك تاڵە مویەکی سپی وان بەسەر پێستی گایەکی ڕەشەوە یان وەك تاڵە مویەکی ڕەش وان بەسەر پێستی گایەکی سوورەوە .

٥- باوەڕ بەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) گەورەی نەوەکانی ئادەمە لەڕۆژی دواییدا، ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : «أنا سيد ولد آدم يو القيامة وأول من ينشق عنه القبر، وأول شافع ومشفع » [ موسلیم تەخریجی کردووە بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٧٨) وأبو داودیش (٣٨/٥) بەفەرموودەی ژمارە (٤٦٧٣)] واتە : من گەورە وسەیدی نەوەکانی ئادەمم لەڕۆژی دواییدا، وە یەکەم کەسێکم کە گۆڕی بۆ لەت دەکرێت و( دێتە دەرەوە لەگۆڕەکەی) وە یەکەم کەسێکم کە شەفاعەت دەکات وزۆریش شەفاعەت دەکات .

٦- پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) خاوەنی شەفاعەتی گەورەیە، ئەویش کاتێك کە شەفاعەت دەکات بۆ ئەو خەڵکەی کە ڕاوەستاوون وچاوەڕێی موحاسەب وقەزاوەتی خوای گەورە دەکەن، دوای ئەوەی کە دەچنە لای هەموو پێغەمبەران ودەست دەنێن بەڕوویانەوە، بەڵام باشترین وشایستەترین پێغەمبەر محمد (صلی الله علیه وسلم) دێت بەدەمیانەوە وبەو (المقام المحمود) ەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە شەفاعەتی گەورە دەکات، وەك لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێکراوە، وەك فەرموویەتی : ﴿ عَسَىٰٓ أَن يَبۡعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامٗا مَّحۡمُودٗا ﴾ [الاسراء : ٧٩] واتە : بەو ئومێدەی کە خوای گەورە بتکات بە شەفاعەتکاری خەڵکی

لەڕۆژی دواییدا، بۆ ئەوەی خوای گەورە میهرەبانی ورەحمیان پێ بکات لەو حاڵەی کە تێیدان.

کۆمەڵێك لە هاوەڵە بەرێزەکان و تابعینیش تەفسیری (المقام المحمود) یان بە شەفاعەتی گەورە کردووە، لەوانەیش هەر یەك لە حوذەیفەی کوڕی یەمان وسەلمان وئەنەس وئەبوهورەیرە وابن مەسعود جابری کوڕی عبد الله وابن عباس وموجاهد وقەتادە ئەم تەفسیرەیان کردووە، قەتادە ئەڵێت : " زانایان پێیان وایە کە (المقام المحمود) ئەو شەفاعەتە گەورەیەیە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەڕۆژی دواییدا دەیکات، سوننەتیش تەئکید لەمە دەکاتەوە وبەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شەفاعەتی

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ خەڵکی ڕاوەستاوی گۆڕەپانی مەحشەر ئەو (المقام المحود) ەیە کە باسمانکرد، هەروەك لە فەرموودە درێژەکەی شەفاعەتدا هاتووە، کە بوخاری وموسلیم ڕیوایەتیان کردووە، لەو فەرموودەیەی کە ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە، کە خەڵکی دەچنە لای ئادەم ئەویش ڕەدیان دەکاتەوە و عوذرێیان بۆ دێنێتەوە، پاشان دەچنە لای هەریەك لە نوح و ئیبراهیم وموسی وعیسی و، هەر هەموویان عوذر دێننەوە، تا ئەو جێگایەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمویێت :
«فيأتوني فأنطلق، فأستأذن على ربي فيؤذن لي عليه، فإذا رأيت ربي وقعت له ساجداً

فيدعني ماشاء الله أن يدعني، ثم يقال لي : ارفع محمد، قل يسمع، وسل تعطه، واشفع تشفع فأحمد لابي بمحامد علمنيها ثم أشفع ... » [ صحيح البخارى بەفەرموودەی ژمارە (٣٣٤٠) ومسليم بەفەرموودەی ژمارە (١٩٣)] واتە : پاشان خەڵکی دین بۆلای من زمنیش دەڕۆم و مۆڵەت لە خوای گەورە وەردەگرم و مۆڵەتم دەدرێت، جا کە خوای گەورە دەبینم سوژدەی بۆ دەبەم و پاشان بانگم لێ دەکرێت تاو ئەو کاتەی کە خوای گەورە وویستی لەسەر دەبێت، دواتر پێم دەوترێت : بەرز ببەرەوە ئەی محمد" بڵێ گوێت لێ دەگیرێت، داوا بکە پێت دەدرێت، شەفاعەتیش بکە شەفاعەتت لێ وەردەگیرێت، ئەمجا بەو سوپاس وستایشەی کە خوای گەورە فێری کردووم سوپاسی خوا دەکەم وپاشان شەفاعەت دەکەم ...

٧- باوەڕ بەوەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) خاوەنی بەیداخ ولیوای حەمدە ئەو بەیداخ ولیوایەی کە هەڵگرتنی تایبەتە بە محمد (صلی الله علیه وسلم) ەوە لەڕۆژی دواییدا، وە خەڵکیش هەمووی شوێن ئەو دەکەون ولەژێر ئەو بەیداخەدا دەبن کە تایبەت بەوەوە، چونکە ئەو بەو سوپاس وحەمەدە سوپاسی خوای گەورەی کردووە کە هیچ کەسێك پێش ئەو نەیکردووە، ئەمەش هەندێك لەزانایان باسیان کردووە، سوننەتیش بەڵگەیە لەسەر ئەم تایبەتمەندیە پڕ فەزڵە گەورەیەی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم)، ئەبو سەعیدی خودری ( خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : «أنا سيد ولد آدم يوم القيامة، وبيدي لواء الحمد ولافخر، وما من نبي يؤمئذ آدم فما سواه، إلا تحت لوائي، وأنا أول من تنشق عنه الأرض ولا فخر » [ أخرجه الترمذي وقال هذا حديث حسن صحيح، سنن الترمذي (٦٨٧/٥) بەفەرموودەی ژمارە (٣٦١٥) وبنحوه الإمام أحمد في المسند (٢/٣) ] واتە : من گەورە وسەرداری نەوەکان ئادەمم لەڕۆژی دواییدا، وە بەیداخی حەمدم بەدەستەوەیە بەفەخر نەبێت، وە لەو ڕۆژەدا هەموو پێغەمبەران ئادەم وغەیری ئەویش هەر هەموویان لەژێر بەیداخ ولیواکەی مندان، وە منیش بەفەخر نەبێت یەکەم کەسێکم کە زەویم بۆ لەت دەکرێت ( ودێمە دەرەوە لەگۆڕ) .

٨- باوەڕ بەوەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خاوەنی (الوسيلة) یە ئەویش ئەو دەرەجە وپلە بەرزەیە کە خوای گەورە پێی دەدات لەبەهەشتدا، ئەمەش تایبەتە بە تاکە عەبدێکی خوداوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ـە ، کەبەرزترین وبڵندترین پلەکانی بەهەشتە، عبد الله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص (خوایان لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ی بستووە کە دەیفەرمووە : « إذا سمعتم المؤذن فقولوا مثل ما يقول : ثم صلوا علي ، فإنه من صلى عليّ صلاة صلى الله عليه بها عشرا ، ثم سلوا الله لي الوسيلة فإنها منـزلة في الجنة لا تنبغي إلا لعبد من عباد الله ، وأرجو أن أكون أنا هو ، فمن سأل لي الوسيلة حلّت له الشفاعة» [

رواه مسلم بەفەرموودەی ژمارە (٣٨٤)] واتە : ئەگەر گوێستان لەبانگدەر بوو ئەوا ئەو چی دەڵێت ئێوەش وەك بیڵێنەوە، پاشان صەڵاوات بدە لەسەرم، چونکە هەرکەسێك صەڵاواتێك لەسەر من بدات خوای گەورە دەجار صەڵاوات لەسەر ئەو دەدات، ئەمجا لای خوای گەورە داوای (الوسیلة) م بۆ بکەن، ئەوە پلەو پایەیەکە لەبەهەشتدا نادرێت بەهیچ کەس بە بەندەیەك لەبەندەکانی خوا نەبێت، منیش ئومێدم وایە ئەو بەندەیە من بم کە ئەو پلەیەی دەدرێتێ، هەرکەسێك داوای (الوسیلة) م بۆ بکات شەفاعەتی منی بۆ دەستەبەر دەبێت .

ئەمانەو چەندان تایبەتمەندی تر کە تایبەتە بە پێغەمبەری خوادوە (صلی الله علیه وسلم)، کە بەڵگەن لەسەر بەرزی پلەوپایەی خۆشەویستمان محمد (صلی الله علیه وسلم) لە دونیا ودوارۆژدا .

لەخوای گەورە داواکارم بە ئوممەتی محمد المصطفی مان بگێڕێت وبەر شەفاعەتی ئەومان بخات لە ڕۆژی دواییدا .